# چارەنوسی هونەرو هونەرمەندانی کورد
# لەنێوان دادگای هونەرمەندانی نارازی ورێکخراوی هونەرمەندانیدا



(وێنەی کۆبونەوە بەرفراوانەکەی هونەرمەندانی نارازی لە شاری سلێمانی)

ئەردەڵان ساڵح

پاش چوار مانگ نارەزایی ورەخنە لە ئالیەتی کارکردنی رێکخراوی هونەرمەندان و شێوازی کۆنگرەی یەکبونی هەردو رێکخراوی یەکێتی هونەرمەندان وسەندیکای هونەرمەندان، بۆجارێکی و بەفۆرمێکی رێکخراوتر، رۆژی 2/2 لەهۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی وبەئامادەبونی زیاتر لە200 هونەرمەندی نارازی لەشارەکانی "کەرکوك،چەمچەماڵ،سلێمانی،دەربەندیخان" دوەمین کۆبونەوەی هونەرمەندانی نارازی سازکرا، وەك لەپرۆگرامی کۆبونەوەدا کە هونەرمەند شوان عەتوف راپگەیاند کە ئەم کۆبونەوەیە خوێندنەوەی راپۆرتی چالاکیەکانمانە لەماوەی چوار مانگی رابردووئاشکراکردنی پلانی داهاتومانە بۆهونەرمەندانی نارازی،دیارترین شتیش باسکردن لەو دانیشتنەی نێوان وەفدێکی هونەرمەندانی نارازی و لیژنەی رۆشنبیری وپاسایی پەرلەمان..

لەبەیانێکیشدا بۆدەزگاکانی راگەیاند هونەرمەندانی نارازی ئەوەیان راگەیاند کە "ئەوان تا بەرامبەر ناچاردەکەن بانگەشە بۆدیالۆگ دەکەن،جگە لەچەندین رەخنەو پێشنیاری دروست بۆ باشتر کردنی ئالیەتی کارەکانی داهاتوی ئەم شەپۆلە نارەزاییە..

دەکرێت ئەوەبلێین لەدوای کۆنگرەی یەکبونی هەردو رێکخراوە هونەرییەکەی کوردستان شەپۆلێکی زۆر نارەزایی سەبارەت بەئالیەتی ئەو یەکگرتنە لەناو هونەرمەندداندا دروست بووە،بەجیاوازی بۆچون ودیدی سیاسیانەوە،دیارترین ئەو نارەزاییانەش لەسەر ئالیەتی یەکگرتنەکەو بونی گەندەڵیەکی بەرفراوانە لەناو

ئەو دورپێکخراوەدا،بۆئەم حاڵەتەش لەسەر بانگێشتی هونەرمەندانی ناڕازی هەرسێ هونەرمەند"عەبدولی حەمەجوان، هیواڕەئوف، بەدیعە دارتاش"لەوکۆبونەوەدا ئامادەبون،ئەم سێ هونەرمەندە لەماوەی ڕابردودا سێ کەسایەتی دیاری ئەو ڕێکخراوە هونەرییە بون،عەبدولی حەمەجوان زیاتر لە هەشت ساڵ سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە بووە،بەدیعەدارتاش زیاتر لە6ساڵ ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی هونەرمەندان و سەرپەرشتیاری لیژنەی مالی بوە،ئێستاش یەکێکە لەهونەرمەندانی ناڕازی، هیوا ڕەئوفیش ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئەو ڕێکخراوەیەو پاش بەدیعەدارتاش تائێستا سەرپەرشتیاری بەشی مالیەی ئەو ڕێکخراوەیە،عەبدولی حەمەجوان وەك هەڵوێستەکانی جارانی سوربوو لە نزیککردنەوەی ئەم دولایەنە بۆگفتوگۆو دیالۆگ،لەبەردەم هونەرمەندانی ناڕازیشدا ئەوەی دوپاتکردەوە کە پێویستە بەیاننامەکانی هەردولا دوربێت لە توندوتیژی و پێویستە ڕەچاوی بنەما یاساییەکان بکرێت و بانگەشەی هونەرمەندانی ناڕازی کرد بۆئەوەی بێنەوە ناو ڕێکخراوەکەیان ولەناو ڕێکخراوەکەدا ڕیفۆرم بکەن...

پاشتر بەدیعەدارتاش لەبەردەم ئەو 200هونەرمەندە ناڕازیەدا ئەوەی ڕاگەیاند کە بەڵێ یەکێتی هونەرمەندان ڕێکخراوێکی تاسەر ئێسقان گەندەڵ و ئیفلیجە، بەدیعەی هونەرمەند ئەوەی ڕاگەیاندکە هەرچەند خۆی بەرپرسی مالیەی ئەو ڕێکخراوەبوە،بەڵام بۆئیشێکی شانۆیی کە بانگێشتی ئێران کراوە بەچەندین شەڕو ململانێ ئەوسا یەك ملوێنیان بۆسەرفکردوە،بەڵام لەو لاشەوە بەئارەزوی خۆیان تەخشان وپەخشان بە پارەکراوە،گوناهی هەمو ئەوەشی گەڕاندەوە بۆبونی چەند کەسێکی ماستاوچی بەدەوری سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەوە،لەبارەی گلەییەکانیشی لەکۆنگرەی یەکبون ئەوەی ڕاگەیاند کە"ئەو کۆنگرە هیچ شەرعیەتێکی نیە،چونکەئەندامانی کۆنگرە،بە تەعین بون وئارەزو بازی بوە،ئاخر ئەوەڕاستە یەکێکی وەك من زیاتر لەسی ساڵ دەبێت لەشانۆی کوردیدا خزمەت دەکەم،چارەکە سەدەیەك مامۆستای پەیمانگەی هونەرجوانەکان بوم،زۆربەی ئەوانەی لەنێوەندی هونەرییدان قوتابی من بون، ئەمە جگە لەوەی وەك وتم زیاتر لە شەش ساڵ ئەندامی ئەنجومەنی باڵابوم، کە ڕۆشتن بۆکۆنگرە بەمنیان نەوت،تەنانەت مامۆستای بەڕێز ئەحمەد سالار بە کاك فەرەیدونی وت بوو،ئەی کوا بەدیعە بۆئەوتان نەهێناوە؟ ئەی ئەو ئەندامی ئەنجومەن نەبووە؟ بەداخەوە وتبوی پێمان وتوە نەهاتوە!! لەکاتێکدا کەس بەمنی نەوتوەو ئەمە دورە لەڕاستیەوە!!

هیوا ڕەوفیش کە ئێستابەرپرسی مالیەیەو لەیەکێتی هونەرمەندان ولەم ڕێکخراوە نوێیەشدا ئەندامی ئەنجومەنی باڵایە وتی"بەڕێزان ئێوە ناڕازین لە ڕێکخراوی هونەرمەندان ئێمەش ناڕازین،بەڵام ئێوە لەدەرەوەن ئێمە لەناوەوە، باوەڕبکەن من بەسەرۆکی ڕێکخراوم وتوە تۆ دیکتاتۆریت،بەئاسایش وەریگرتوە، باوەڕبکەن من لەئەنجومەنی باڵا بەتوندی ڕەخنەم گرتوە کە هەڵەیەکی گەورەمان کردوە کە دەرگای دیالۆکمان لەگەڵ هونەرمەندانی ناڕازی داخستوە، ئەمە هەڵوێستی منە،دڵنیاش بن گەر ئەوان دەرگای دیالۆگ داخەن من و چەندینی تریش هەڵوێستمان دەبێت.

"ناسر حەسەن"یش سەبارەت بەدواسەردانیان بۆ پەرلەمان لەڕۆژی1/31وتی "بڕیاربوو لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان دابنیشین،بەڵام بەداخەوە بەهۆی سەفەرێکی کتوپڕی ئەو بۆبەغداد لەگەڵ لیژنەی ڕۆشنبیری وپاسایی پەرلەمان کۆبوینەوە، من لەو کۆبونەوەیەوە شتم زۆر بۆدەرکەوت، بەتایبەتی کەزانیم دنیای هونەرمەند تەنها بریتی نیە لە پارەو ئۆتۆمبێل و زەوی وەرگرتن، بەڵکو ئەو ڕێزەی ئەوان لێیان گرتین و تێگەیشتن لە کێشەو گرفتەکانمان زۆرلەو شتە مادیانەی تر گەورەتربوون بۆئێمە، ئەوان وتیان لەگەڵ لایەنی بەرامبەریش دادەنیشین و ئەوسا بەدوای چارەسەردا دەگەڕێین،ئەوەشیان وت دەتوانن بڕۆن لەدادگا شکات لە ڕێکخراوی هونەرمەندان بکەن، سەبارەت بەو هەڕەشانەی سەرۆکی ڕێکخراوی هونەرمەندان بە بڕینی ڕێزلێنانی هونەرمەندانی ناڕازی، ناسرحەسەن بۆئەمەش وتی" من بۆخۆم پەیوەندیم بە بەڕێز کاك فەلەکەدین کاکەییەوە کرد،ئەویش ڕایگەیاند هیچ کەس ناتوانێت هەڕەشەی بڕانی ڕێزلێنان بکات،چونکە ئەوە جۆرێکە لەبەکارهێنانی دەسەڵات بۆدیکاتۆری،بەلام ئێمە چاو بەڕێزلێنان دەخشێنینەوەو بەشێوەیەکی چاکترڕێکی دەخەینەوە،سەبارەت بەو یەکگرتنەش ناسر حەسەن دەڵێت"ئەمە یەکگرتنێکی زۆر لاوازووکرچو کاڵە،زۆرعەیبە بۆ هونەرمەندان دوای هەمو چین وتوێژەکان یەکیان گرتەوە،دوای حکومەت و حیزبیش،ئەمە ئەوە دەسەلێنێت ئەم یەکگرتنەوەیە ناشەرعیەو بەبێ ڕەزامەندی بەشێکی زۆری ئەندامانی هەردولاکراوەو وکتومت فیفتی بەفیفتیە،گەر سەیری هەیکەلی هەمو ناوەندو لق و سکرتاریەتیش بکەین ئەم ڕاستیەمان بۆدەردەکەوێت..

شەفیق محەمەد یەکێکە لە ئەندامانی هەڵسوڕاوی هونەرمەندانی ناڕازی سەبارەت بەم کۆبونەوەیە وتی"وەك لای ئێوەی ڕۆژنامەنوس و خوێنەران و هونەرمەندان ئاشکرایە،ماوەی چوارمانگە شەپۆلێکی گەورەی ناڕەزایی سەبارەت بە ڕێکخراوی هونەرمەندان لە ڕۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزوێن وسایتەکانی ئینتەرنێت دەرکەوتوە،ئەم ناڕەزاییە سەبارەوت بەو ڕێکخراوە ناڕەزاییە سەبارەت بە"گەندەڵی، کۆنگرە،نەبونی شەفافیەت و ئازادیە"لەماوەی ئەم چوار مانگەدا سەدان وتاروڕیپۆرتاژوبەدواداچون و دیکۆمێنتمان خستە بەردەم ڕای گشتی وهونەرمەندان،تائێستا ئەم ڕێکخراوە بەئێمەی نەوت ئێوە چی دەکەن؟چیتان دەوێت؟وادەزانن بەسیاسەتی بێ دەنگ بون هەمو شتێکیان بۆدەچێتە سەر...مەحاڵە،ئێمە گرفتمان لەگەڵ ئەندامانی ئەواندا نیە، ئێمە هاوڕێی یەکبوین و لەیەك ڕێکخراودا بوین، گرفتی ئێمە سیستەمی کارو فۆڕمی ئیشکردنی ئەو ڕێکخراوەیە کە توشی ئیفلجی هاتوە،سەبارەت بە ناڕەزایی هونەرمەندانی شارەکانی تریش وتی"ئەمرۆ نوێنەری سلێمانی و کەرکوك ۆچەند شاۆچکەیەکی تر هاتبون،بەڵام بەهۆی هەندێ گرفتەوە هونەرمەندانی هەولێرو شارەکانی تر ئامادەنەبون،بەهیواین لەداهاتودا بەپلان وستراتیژی نوێ ئەوڕێکخراوە ڕابکێشین بۆ سەرمێزی گفتوگۆ..

سەبارەت بەو پلانانەی کە لەداهاتودا هونەرمەندانی ناڕازی ئیشی لەسەر دەکەن،دەروێش عومەر دەڵێت"چەند ئیختیارێك لەبەردەماندایە،لەوانە لەدادگا شکات لەو ڕێکخراوە بکەین و لەڕێی یاساوە

ناچاریان بکەین بۆگفتوگۆ،یان ناچارکردنیان بۆهەڵوەشاندنەوەی کۆنگرەو بەستنی کۆنگرەیەکی تر،بەرەچاوکردنی بنەماشەرعی و یاساییەکان،ئەم دوئەگەرە دوئەگەری نوێی ئیشکردنمانن لەداهاتودا..
سەبارەت هەڵوەشاندنەوەی دەستەی بەڕێوبردنی هونەرمەندانی ناڕازی دەروێش وتی"ئێمە ئەمڕۆ ئەو دەستەیەی کە کارەکانی هونەرمەندانی ناڕازیمان بەڕێوە دەبرد،خۆمان هەڵوەشاندەوەو بڕیارە هەفتەی داهاتوش دەستەیەکی نوێی هەڵبژێرین کە نوێنەری هەمو شاروشارۆچکەکانی لەخۆگرتبێت..

لەلایەکی تریشەوە هەفتەی ڕابردو ڕۆژنامەکان ئەوەیان بلاوکردەوە کە سەرۆکی ڕێکخراوی هونەرمەندان ئەندامانی هونەرمەندانی ناڕازی داوەتە دادگاو بڕیارە لەداهاتویەکی نزیکدا،هونەرمەندانی ناڕازی بانگێشتی دادگابکرێن لەسەرداوایەکی سەرۆکی ڕێکخراوی هونەرمەندان،لەم لاشەوە یەکێك لەئیختیارەکانی هونەرمەندانی ناڕازی پەنابردنە بۆدادگا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان،بەڵام تائێستا ئەم ئەگەرە لەگفتوگۆدایە لای هونەرمەندانی ناڕازی،هەروەك پارێزەر "ڕێباز مەحمود" پارێزەری هونەرمەندانی ناڕازی لە کۆبونەوەکەداو سەبارەت بەو دادگاییە ئەوەی ڕاگەیاند"کەڕەنگە ئەم پێشنیارە بۆچونە دادگا جۆرێك لە ماندوبون بێت ،لەبەرئەوەی کەیسی هونەرمەندانی ناڕازی کەیسێکی سیاسی،کۆمەڵایەتی،هونەرییە،واتە بەپێی ڕیزبەندی کەیسە هونەرییەکە سێیەم کەیسە، جگە لەوەی ڕەنگە ئەم کێشەیەش درێژە بکێشێت..
هەرچۆنێك بێت لەئەنجامی داخستنی دەرگای گفتوگۆ لەلایەن ڕێکخراوی هونەرمەندان، پێدەچێت چارەنوسی هونەرو هونەرمەندان لەکوردوستان لەدادگا یەکلابێتەوە،بەڵام ئایا دادگاو یاسا لەکوردوستان هێندەباڵا دەستە بتوانێت کێشەیەکی واگەورە یەکلابکاتەوە؟؟